سەرۆک وەزیران: ئەمریکا پەداچوونەوە بە بانکە عەراقییە سزادراوەکان دەکات

سەرۆک وەزیرانی عەراق رایگەیاند، لەگەڵ وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا رەکەوتون لەسەر پەکهەنانی لیژنەیەکی پسپۆڕ بە پەداچوونەوە بە کاروباری ئەو بانکە عەراقییانەی مامەڵەی دۆلاریان لەسەر قەدەغەکراوە.

محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیرانی عەراق لە واشنتنەوە لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاند، عەراقی ئەمە تەندروستی بە گەشاوەتەوە و ڕێگای راستی گرتوەتە بەر کە ئەویش گەشەپەدان و بنیادنان و پەشکۆتنە، عەراقییەکان سەرکەوتون بەسەر مەترسیدارترین ڕەکخراوی تیرۆرستی هەر ئەوەش بو هەمو پەکهاتەکانی عەراقی یەکخست.

محەمەد شیاع سودانی ئاماژەی بەوەشکرد، لە ماوەی هەفتەیەکدا ژمارەیەک دیداری گرنگیان لەگەڵ سەرۆک و بەرپرسانی ئەمریکا ئەنجامدا، هەروەها گفتوگۆیان لەبارەی کاراکردنی ڕەکەوتنی ستراتیژی و پەرەپەدانی پەیوەندییە هاوبەشەکان کرد.

ئەوەشی خستەو، بەشێکی دیدارەکانیان لەگەڵ کۆمپانیا ئەمریکییەکان بوە و زەربەیان ئارەزوی خۆیان بە کارکردن لە عێراق دەربڕیوە، هەروەها کەبونەوەیان لەگەڵ بەرپرسی ئەمنی و ئاسایش و نوێنەرانی وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا کردوە.

سودانی باسی لەوەشکرد، لە کەبونەوەیان لەگەڵ وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا داوای هاوبەشیی و پەرپیدانی پەیوەندییەکانیان کردوە، هەروەها داوایان کردوە پەداچونەوە بە سزای سەر بانکە عەراقییەکان بکەن، بە ئەو مەبەستەش بەیاردراوە لە رەگەی لیژنەیەکەوە پەداچونەوە بە کاری ئەو کۆمپانیایەنە بکرەت.